# شەرم لە کوردبوونی خۆم دەکەم

**عومەر محەمەد**



ئەگەرچی یەکەمجار نیە لەولاتی مندا چەقوی جەلاد لەگەردنی عاشق دەنرێتو جەلاد عەشق ئەتك دەکات.

مرۆڤ مافی خۆیەتی جوان بژیو دواجاریش جوان بمرێت، بەڵام ئەگەرلەکۆمەڵگایەکدا جەلادەکان لەعاشقەکان بەرێزتربن! هەرگیز دەستمان بەم مافەی خۆمان ناگاتو لەنێوان مردنو ژیانـدا تالە موویەك نامێنێتەوە.

ئەگەرخۆ لەگێلی نەدەین، کۆیلۆ ووتەنی: (عەشق لە هەرکوێ بێت هەقیقەت لەوێیە لەئەویندا هیچ مەترسیەك نیە، هەزاران ساڵە مرۆڤەکان بەدوای یەکدا گەڕاونو یەکتریان دۆزیوەتەوە)([1]) هەڵبەت ئەو دەستدرێژییەی لەبەعشیقە کراوەتە سەر "دوعا" نەیەکەم کارەساتو قوربانیەو نە دواهەمینیش دەبێت، چونکە لەکۆمەڵگایەکی داخراوو کۆنەپارێزدا ئەوەی چاوەروانی دەکەین هەرکارەساتە.

گرنگە ئێمە ئەوەبزانین هەرکۆمەڵگایەك لەخۆشەویستی بترسێت، کوژرانی عاشقەکانی دەبێتە روداوێکی هەمیشە دووبارەوەبوو، ئەمەش ئەو شەرمەزارییەیە کە ئەستەمە بە قسەی پڤدراو لە تەوێڵمان ببێتەوە، ئەوەی کە ئێمە بەدرێژایی مێژوو لێی ترساوین، سەرچاوەکانی ووزەی ژیانمان بوون، نەك مەترسیەك بووبێت بۆسەر ژیانمان، ئەوەی ئێمە لێی رادەکەین ئازادیو خۆشەویستی یە کەمەحاڵە بەبێ ئەوان بتوانین لە ئێستاجوانتربژین، هەربۆیەشە لەم چاڵ دێینە دەرێ بە هیوای رزگاربوون، کەچی دەکەوینەوە ناوچاڵێکی قوڵترلەوەی پێشووتر.

ئەوەی ئەمرۆ لە بەعشیقە روودەدا کارێکی نامۆ نیە بەکلتوری ئێمە، چونکە ئەمە هەرئەو شەرمەزارییە کە دوێنی لە پشتدەر روویدابوو، وەلی ئێمە کۆمەڵگایەکین پەند لەهەڵەو تاوانەکانی خۆمان وەرناگرین، ئەو هۆکارەی باوکێکی کورد لەتاراوگە هاندەدا کچۆڵەکەی بە چەقۆ بکوژێو بەمکارە نامرۆڤانەیەی شەرەفی خۆی پێبکرێتەوە، کەلتورێکە هێندە قێزەوونە نەك شەرەف بۆ پیاوێك ناگێڕێتەوە، بەڵکو ئابرووی کۆمەڵگایەکی پێدەچێ، وەلی ئەگەر مرۆڤ بەتەنگ ئابروچوونی تاکەکەسی خۆیەوە نەبێ، چ گوێی داوەتە ناشرینکردنی کۆمەڵگا؟!

ئەگەرچی لەبنەڕەتەوە فشارە گەورەکە هێزی دابونەریتی کۆمەڵگایە لەسەرتاك رەنگدەداتەوەو چەواشەی دەکات، لەکوشتنی (دوعا)دا ئەوەندە بۆ دیموکراسیەتی دەسەڵاتی کوردی بەسە کە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ) لە بەیاننامەیەکدا رەفتارێکی نائینسانیانەی کۆمەڵە جەلادێك مەحکوم دەکات بە کوشتنی عاشقێك، کەچی دادگاکانی ناوخۆ گوێی خۆیان لێخەواندووەو مەسەلەکە لەسەرو یاساوە تەماشادەکەنو ناوێرن مداخەلەیەکی یاسایی بکەن!!

ئیمە بۆ دەبێت لە خۆشەویستی بترسین؟! کورد دەمێکە ووتوویەتی حەقیقەت تاڵە بەڵام لەراستیدا ئەمە تەواو نسبیەو ئەوەی تاڵی کردووە خودی خەسڵەتی حەقیقەت نیە بەقەد ئەوەی حەماقەتێکە لە کلتوردا خۆی حەشارداوە، ئەمرۆبێت یان سبەی کۆمەڵگای کوردی دەبێت سنوری ئەو کلتورە دزێوە ببەزێنی کە کەمەری شکاندووەو سڵ لەسێبەری خۆشی دەکاتەوە، چونکە مەترسی دوبارەبوونەوەی کارەساتەکە لەدابو نەریتدا گەرای خستووە، کەتۆ لەکلتورێکدا کوشتنی عەشقت بەلاوە رەوایە لەکلتورێکی تردا ئەوەی ناڕەوایە کوشتنی عەشقە. گرفتەکە لێرەدایە کە بکوژ لەم ولاتەی ئێمەدا لەوتبەرزو غرورانە هەڵسوکەوت دەکاو قوربانی بەچاوی سوك تەماشادەکرێو بەسوکی دەبرێتە گۆرستان ئەم حالەتە دزێوەش بشت ئەستورە بە کلتوری کۆمەڵایەتیو بێدەربەستی یاسا. وەلی لە کۆمەڵگایەکی تەندروستو کراوەدا تەواو بەپێچەوانەیە بکوژ چاوشۆرو

---

[1] پاولۆ کۆیلۆ- بریدا وەرگێرانی یاسین عومەر لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپوپەخشی سەردەم – سلێمانی 2007

قێزەونەو ممكین نیە لەیاسا دەربازبێت، بەتایبەتی ئەگەر بێتو قوربانی لەسەرعەشقو پەیوەندیەكی سۆزداری دەستدرێژی بكرێتە سەر، بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵدەكری.

هەقوایە لە خۆمان بپرسین: ئەوانەی دوعایان بەردەبارانیان كردوكوشتیان، بەكام لۆژیك خەریكی ئابروو كرینەوەی خۆیان بوون؟ ئاشكرایە بەهەرلۆژیكێك بووبێت درۆیەكی گەورە لەگەڵ ژیان دەكەن، درۆیەكی گەورە لەگەڵ خودی خۆیان دەكەن؟ ئەوە درۆیەكی گەورەیە كەكورد ئابرووی خۆی خۆش دەوێت، رەنگە ئەمە لە رووكەشدا وادەربكەوێت، رەنگە ئەم قسەیە دەماری خەڵكانێكبگرێت، بەڵام كە لەگەڵ واقعیكدا رووبەروو بێتەوە، حەقیقەتێك خۆی بەیاندەكات ئیدی دەبێت لە ئاستیدا زارەترەك بێت، چونكە ئەوانەی لەسەر نامووس دەست بۆكوشتنی ژنان دەبەن لە ئاست ئەو راستیە چ دەڵێن، كەدوێنێ كچانی ئەنفالی تێدا فرۆشراو ئەتككراو زیندە بەچاڵكران؟ كورانی یەزیدیش خۆیان قوربانین وەلی لەبەختی دوعای ژن دوعای قوربانی دەبنە جەلادو دەیانەوێت وەجاخی جەلاد كوێرنەبێتەوە، ئەوان ئەگەر نامووس پەرست بوون، كورد لە ئەنفالدا ناموسی لەدەستداوە؟ ئەو كوردەی ئەمرۆ لەسەر پەیوەندیەكی ئارەزوومەندانە لێماندەبێتە جەلادوو لووتی كەژاڵ دەبرێتو دووعا بە بەردەباران دەكوژێت، داكۆكی لەچی دەكات؟ هەرئەو كوردانەن كە ئەنفالكراون، نەك هەردەست درێژی نامووس بەڵكو هەموو جۆرە دەستدرێژیەكیان كراوەتە سەر!! ئەدی خێرە لە ئەنفالدا قبوڵی هەموو سوكایەتیەك دەكاو مێشیشی میوان نیە، كەچی بەگژ ئەو پەیوەندیە ئینسانیە دادێتەوەو قەدەغەی دەكاو مرۆڤی لەسەر ئەتك دەكاو دەكوژێ؟!!

ئەو رووداوە هەرچیەك بێت هەقیقەتێكمان بۆئاشكرا دەكاتو پەردە لەسەر پەیوەندیەكی سۆزداری نێوان دوو مرۆڤو كۆمەڵێك جەلاد هەڵدەماڵێ، ئەمە ئەو كارەساتەیە هەتا ساتەوەختی ئەمرۆ لێی تێناگەینو هەركوێرانە ملی رێدەگرین، ئاخرخۆشەویستی بۆدەبێت بە پەیوەندی ژێر بەژێر بەرێوە بچێت؟ ئەمە ئەو كارەساتەیە كۆمەڵگەی كوردی دەبێت لێی وردبێتەوەو بەراوردێك لەنیوان ژیانو مردندا بكات تیایدا، چما مرۆڤ كوشتن شورەیی و شەرمەزاریە یان پەیوەندیەكی سۆزداری؟ كوشتنو خەفەكردنی پێداویستیە ئینسانیەكان رەوایە، یان ممارەسەكردنی غەرایزە سروشتیەكانی ئینسان بە ئازادی؟! هەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارە لەكۆمەڵگەیەكی كراوەو تەندروستدا لەسەرووەستانی ناوێ.

هەقوایە لەدوای كارەساتی كوشتنی دوعاوە هەموومان شەرم لە كوردبوونی خۆمان بكەین؟ چونكە ئەمە چەندەمین جارە بە پێشچاووی یاساوە ژنان دەبنە نیشانەی ئەتك كردنو سووكایەتی پێكردن، هەقوایە ئیتر شەرم لەمرۆڤ بوونی خۆمان بكەین، شەرم لە رەفتاری خۆمانو لەدەنگدانو چەپلەكوتانی خۆمان بكەین.. ئینجا بێینو لە خۆمان بپرسینەوە كەچۆن دەنگمان بەدەسەڵاتێكدا لەئاست ئەتككردنو كوشتنمان خەمساردوبێدەنگە.